# جاش زادەكان چییان لە چاک  دەوێت؟!

**عەلی مەحمود  محەمەد**

لەو چركە ساتەی كە ئێمە ناوەندی چاكمان راگەیاند لە ٦-١-٢٠٠٢ تا ئێستا بە ناوی چاودێری كوردۆسایدەوە كار دەكەین , بە ئەزموون بۆمان دەركەوتووە لە هەموو ئەو كاتانەی پەلاماری جاش و تاوانكارانمان داوە چ لە ناو خۆ یاخود  لە دەرەوە , بە ناوی ئەو پەرِی ئازادیخوازی و ئۆپۆزسیۆن بوون و .... شتی بریقەداری دیكەوە پەلامار دراوین , دوایی كە لە كەیسی ئەو كەسانە كۆڵیوینیتەوە , دەركەوتووە سەنگەر گرتووان لێمان  لە نەوەی ئەوانە بوونە ئێمە پەلامارمان داون  دەبوایە ناویان لە ناو لیستە جیاجیاكانی تاوانباران بووایە , دیارە جاش و تاوانباران بۆ خۆیان جورئەتی ئەوە ناكەن رِاستەوخۆ بێنە پێشەوە ,  ئیتر بە وەكالەتی ئەوان نەوەكانیان سەنگەریان لێمان گرتووە  .

ئەوە نەبێت ئێمە دۆسییەی ئەوانە لامان نەبێت ,  كە بێدەنگ بووینە لەو روانگەیەوە بووە ئێمەش لە بەر ئەوەی بارتەقای سەرجەم رێكخراوە كوردییەكان كار دەكەین , بۆیە هەڵەشمان بە ئەندازەی كارەكانمان زۆرە , ئاخر گوێزی پوچ دایم لە بارە گوێزی پرِدا هەیە , نەك لە ناو فەردەی بەتاڵ ,  زۆرێك لەو بەرِێزانەی  رەخنەیان هەبووە دەشێت لەسەر هەق بووبێتن , رِەخنەی ئەوانە جیایە لە رِەخنە و بەیاننامەی جاش زادەكان ,ئێمە نەمان ویستووە لەسەر باب و كەسوكاریان دادگایان بكەین .

بۆیە لێرەوە هەموو دۆستانی رِێكخراوەكەمان و هەموو ئەوانەی  لە گەڵ دادگایی جاش و تاوانبارانن ئاگادار دەكەینەوە , ئەو كەسانەی  لە كاتی گەرم بوونی دۆسیەی جاش و تاوانباران لە پشتەوە خەنجەری خۆیان دەوەشێنن باش بیان ناسن , ئەوان بە وەكالەتی رابردووی باوك و كەسوكاریان خەنجەری نامەردی دەوەشێنن , چۆن ئێمە دادگایی و رسوا كردنی جاش و تاوانباران ئامانجمانە , ئەوا ئەم حەكایەتەش بەردەوام نوێ دەبێتەوە .